# نەخشەی پێشبینیکراوی هەڵبژاردنە گشتییەکەی عێراق

04-11-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** هەڵبژاردنی پێشوەختە یەکێکە لە سەرەکیترین بڕگەکانی کارنامەی حکومەتی مستەفا کازمی، ئەم پرۆسەیە بەلای سەرۆك وەزیرانەوە "وادە و وێستگەی گۆڕانکاری"یە. هەروەها جێگرەوەی گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی بەغدا و پارێزگاکانیترە.

یاسین تەها |

**بەرایی**

هەڵبژاردنی پێشوەختە یەکێکە لە سەرەکیترین بڕگەکانی کارنامەی حکومەتی مستەفا کازمی، ئەم پرۆسەیە بەلای سەرۆك وەزیرانەوە "وادە و وێستگەی گۆڕانکاری"یە. هەروەها جێگرەوەی گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی بەغدا و پارێزگاکانیترە.[1] زۆر هێزی دیکەی میانڕەوی شیعە لەچەشنی رەوتەکەی عەممار حەکیم لەمەدا هاوڕان[2]. لەڕووی کرداریشەوە پاش ئەوەی شۆڕشگێڕانی تشرین قوربانی زۆریاندا و دەوروبەری 600 کەسیان لێ کوژراو[3]، حکومەتی عەبدولمەهدی ـ یان ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد، چاوەڕوانیی ئەوەی کە  نوێنەرانی گەنجانی تووڕە و ناڕازی لە شەقامەکانەوە بۆ ناو پەرلەمان و جومگەکانی یاسادانان بچن زیاتر بوو. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا گەنجانی ناڕازی لە هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی عێراقدا وەکوو ئەکتەرێکی کاریگەر دەردەکەون یان نا؟ بێجگە لەوەش نەخشەی پێشبینیکراوی هەڵبژاردنەکە چۆن دەبێت؟

**هێزی سیاسی گەنجانی ناڕازی**

سەرباری ئەو گومان و تەمومژە زۆرەی لەبارەی وادەی دیاریکراوی هەڵبژاردنەوە لە 6 حوزەیرانی 2021دا هەیە کە دەکاتە دەوروبەری 8 مانگیتر[4]، لەسەر ئاستی هێزە سوننەو شیعەکان ئامادەکاریی ماراسۆنی بۆ ئەوە دەبینرێت کە بڕیارە جارێکیتر بارودۆخ لە عێراق نەخشەڕێژ بکاتەوە. بەتایبەت لە سایەی پێداگری زۆری مەرجەعی باڵای شیعە عەلی سیستانی بۆ سازکردنی هەڵبژاردن، دوور لە هەژموونی چەك و بە چاودێری وڵاتانی دۆست و هاوپەیمان[5] ئەگەری هەڵبژاردن زیاتر بووە.

گرنگترین چاوەڕوانییەکان لەم هەڵبژاردنە، فۆرمی هێزی سیاسیی گەنجانی ناڕازیی نوێیەیە کە دەشێت ببێتە نوێنەر و دەمڕاستی هێزە بەشدارەکانی خۆپیشاندان، یان رکابەری هێزە کلاسیکەکان. بڕیار وەهایە ئەم نوێنەرایەتییەش زیاتر لە هەناوی ناوچە شیعەکاندا سەر دەربکات، بەو پێیەی پارێزگا و شارەکانیان، زۆرترین ناڕەزایەتی و رووبەڕووبونەوەی بەخۆیەوە دیوە. هەر لەو شارانەش بنکە و بارەگاکانی حیزبە شیعەکان سووتێنران و پەلاماردران.[6] لەبەر ئەم هۆیەش بیرۆکەی هەڵبژاردنی پێشوەختە هەمیشە هەندێ لە هێزە شیعە ناسراوەکانی لە چەشنی لیستەکەی نوری مالیکی بێزار دەکات. ئەوەتا تاوێك هۆشداری دەدەن لە ئەگەری ساختەکردنی ئەنجامەکان و تاوێکیتریش، گومان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی دیاریکراوی خۆی دروست دەکەن[7].

بەپێی ئەو ئاماژانەی بەردەستن، نوێنەرایەتیکردنی خۆپیشاندەران ناونیشانێکی گشتگیر و گەورەیە بۆ کۆمەڵێك وردەکاریی و ئاڵۆزیی پەیوەست بە هێز و گۆڕەپانی ناڕەزایی و ئەو چالاکەنەی کە ئاراستەی جیاجیان هەیە. لەناو خۆپیشاندەران هەیانە رادیکاڵی بیر دەکەنەوە و بانگەواز بۆ راماڵینی هەموو دەستەبژێری سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی "کۆماری 2003" دەکەن. هەشیانە قایلە بەهەڵکردن لەگەڵ ئەو "هێزە مەدەنییە گەندەڵانەی" کە لەگەڵ گەنجەکان هاوسۆزن ، یان لەماوەی ساڵی رابردوودا دژی کوشت و بڕیان وەستاونەتەوە ( وەك عەلاوی، زورفی، تاڕادەیەك حەلبوسی و زۆر پەرلەمانتار و بەرپرسی دیکەی پێشوو).

لەنێوان هەردوو بەرەکەی خۆپیشاندەران قسەوباس لەسەر هەوڵی دروستکردنی لیستێکی گشتگیر لەلایەن سەرۆك وەزیران مستەفا کازمییەوە گەرمە ، کە لەناو خۆپیشاندەران وەك پاڵپشتی ناڕەزایەتییەکان تەماشا دەکرێت. هەروەها وەك بەشێك لە بەرەی نەیاری ئێران و میلیشیاکانی تاران هەژمار دەکرێت. دروستکردنی ئەم لیستەش "حیزب" کە تا ئێستا تەنها دەنگۆیە و هەندێك دەڵێن شکستی هێناوە، کاریگەریی و لێکەوتەی زۆری لەسەر چۆنییەتی نوێنەرایەتیکردنی لایەنە پراگماتییەکانی خۆپیشاندەرانی تشرین دەبێت، بەوپێیەی هەردوولا لە رووبەری نزیك لە یەکتردا کاردەکەن و لەگەڵ رادیکاڵەکانیش بەریەك دەکەون.

دروستکردنی لیست و نوێنەرایەتی سیاسی بۆ خۆپیشاندەران یان "تشرینییەکان" گیرۆدەی کۆمەڵێك بەربەست و گرێکوێرەیە کە پێ ناچێت بەئاسانی چارەسەر بکرێن لەوانەش؛ هەبوونی کاریگەریی لەسەر گۆڕەپانەکان لەلایەن هەندێك لە سیاسییەکانەوە کە مەرج نییە بچنە ژێر رکێفی کازمی، جگە لەوەش ئاراستە و میزاجی گۆڕەپانەکان جیاوازن، دروشمی سەرەتایان راماڵینی گەندەڵی و دروستکردنەوەی نیشتمان بووە، کەچی ئێستا کەوتوون بەسەر ئاڵۆزی گەمەی لیست و وردەکارییەکانی دەنگدان و بازنەکان، ئەمە جگە لەجیاوازی

تایبەتمەندیی گۆڕەپانەکانی بەغدا و بەسرە و ناسریە و شارەکانیتر کە سەرجەمیان بەسەر چەپرەو، مەدەنی شیعە، عەلمانییەکان و لایەنگران و نزیکانی هێزە میانڕەوەکانی شیعە یان کەسایەتییە بە تەکنۆکرات ناسراوەکان دابەشبوون.

**نەخشەی پێشبینیکراوی هەڵبژاردن**

لە جەمسەرگیرییە شیعییەکاندا ئاراستەکان زیاتر بەسەر لایەنگرانی حەشدی شەعبی لەگەڵ قوڵایی و درێژکراوەکانیان، بەرامبەر خۆپیشاندەرانی تشرین و هێزە هاوسۆز یان نزیکەکانیان وەستاونەتەوە. هێزگەلیتر هەن لە دەرەوەی ئەم دوو رەوتەن. لە چەشنی سەدر کە لە ئێستادا لەگەڵ هەردوو بەرەکە نەیار و ناکۆکە. لەم پێگە ناوەڕاستەشدا زۆر وردە هێزی دیکەی شیعە هەن کە هێشتا خۆیان بەلایەکدا نەخستووە (فەزیلە بەنمونە)، سەرجەم ئەم هێزانەش خەریکی تاوتوێکردن و گەڵاڵەکردنی شێواز و جۆری بەشداری خۆیانن بەپێی روپێو و قەبارەی یاسای نوێی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن کە مۆرکی ناوچەگەری و لۆکاڵی بوون بەسەریدا زاڵە ، بەجۆرێك لە بری 18 بازنەکەی جاران 83 بازنەی جیاجیایە لە سەرجەم شارەکانی عێراق هەیە.

لەسەر ئاستە سوننییەکە، کارەکتەر و دەموچاوە سیاسییەکان، تاڕادەیەکی زۆر هەمان ئەوانەی پێشوون کە تێکەڵەیەکن لە بزنسمان (خەمیس خەنجەر بەنمونە)، سەرۆك هۆز (سەرۆك هۆزەکانی ئەنبار)، بەرپرسانی پێشوو لە پۆستە باڵاکان (نوجێفی و ئەبومازن و سەلیم جبوری)، لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی لەم خولەی ئێستا ئەستێرەیان دەدرەوشێتەوە و کاربەدەستن (حەلبوسی دیارترینیانە). خاڵی سەرەکیی هاوبەشی ئەمانە لۆکاڵی بوونی گوتار و هەوڵدانە بۆ خۆ هەڵواسین بە پاڵپشتی دەرەکی (تورکیا و ئێران و وڵاتانی کەنداو) یان هێزە ناوخۆییەکانی شیعە (فەتح و سەدر) و کورد، بەمەبەستی باشترکردنی چانسی خۆیان لە هەڵبژاردنەکان.

پێکهاتە سوننەکان شەڕی هەڵبژاردنیان بە هەوڵی لاوازکردن و لادانی محەمەد حەلبوسی دەست پێکرد بە خڕکردنەوەی 35 پەرلەمانتار لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکدا کە سەرۆکایەتییەکەی بە ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پێشووتری پەرلەمان سپێردرا ، بەڵام ئەم بەرەیە هەرزوو تەقەی تێکەوت و خەمیس خەنجەر کە نزیکایەتی زۆری لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان هەیە پاشەکشەی لێ کرد[8]، شکستهێنانیشی بەرەکەش لە لادانی حەلبوسی بەشکستی هەوڵەکانی دۆستانی ئێران و تورکیا لەقەڵەم درا[9]، گرنگیی پۆستەکەی حەلبوسیش لەوەدایە بەپێی ئەزموونی ساڵان و خولەکانی رابردوو زۆرجار باڵادەستی و نوێنەرایەتیکردنی سوننە زیاتر لای ئەو کەسە بووە کە پۆستی باڵا و سەرەکیی سوننەی لە بەغدا بەدەستە. بەڵام جگە لە کەنداو (قەتەر) هەندێکیتر لە دۆستانی لە ئێران[10]، حەلبوسی لەهەوڵدایە سەدرییەکانیش رازی بکات[11]، بەم پێیەش سرووشتی ناکۆکی و ململانێکانی هەڵبژاردنی شەقامی سوننە لە قۆناغی داهاتوودا هەروەك جاران لەنێوان رێبەرەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، ئەنبار، دیالە، بەغدا و دەوروبەری قەتیس دەبێت و کارتێکەری دەرەکی بەتایبەت تورکیا و ئێران و وڵاتانی کەنداو رۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە ئاراستەکردنیدا دەبێت.

([1]) مصطفى الكاظمي (31/ 10/ 2020)، تغريدة على تويتر، https://twitter.com/MAKadhimi/status/1322481824787038208

([2]) عمار الحكيم (28/ 10/ 2020)، منشور على صفحته الرسمية، https://www.facebook.com/am.alhakeem/posts/3626497804081207

https://alsabaah.iq/32179/%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%A7 (متاح: 10/10/2020)

([3]) الحرة (25/ 10/ 2020) ذكرى "ثورة تشرين"، https://www.alhurra.com/iraq/2020/10/25/%D8%B0%D9%83%D8%B1%D9%89-

https://alsabaah.iq/32179/%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%A7 (متاح: 10/10/2020)

([4]) فرهاد علاء الدين (10/ 8/ 2020)، وهم الانتخابات المبكرة في العراق، https://www.washingtoninstitute.org/ar/fikraforum/view/earl (متاح:9/10/2020)

([5]) موقع السيستاني، استقبال سماحة السيد (دام ظلّه) الممثلة الخاصة للأمين العام للأمم المتحدة، https://www.sistani.org/arabic/archive/26461/ (متاح:3/10/2020)

([6])  محمد ناجي (26 أكتوبر 2019) مخاوف من اقتتال شيعي شيعي في العراق،
https://www.independentarabia.com/node/66816/%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AE%D8%A8%D8%A7

([7])  ناس نيوز (28/ 10/ 2020) المالكي يشكك بمساعي استعادة هيبة الدولة ويقول: لن تجرى الانتخابات بموعدها!،
https://www.nasnews.com/view.php?cat=43847

([8])  ناس نيوز (25/ 10/ 2020)، حزب خميس الخنجر يوجه ضربة إلى جبهة النجيفي الجديدة: البيان لا يمثلنا!،
https://www.nasnews.com/view.php?cat=43624

([9])  العرب (25/ 10/ 2020)، الحلبوسي ينجو من إقالة خطّط لها تحالف مدعوم من إيران وتركيا،
https://alarab.co.uk/%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%84%D8%A8%D9%88%D8%B3%D9%8A-

([10])  مركز بيت العراق (29/ 10/ 2020)، صراع خليجي تركي على تحريك وتولي القيادة السنية السياسية بالعراق،
https://iraqhouseinstitute.com/%D8%B5%D8%B1%D8%A7%D8%B9-

([11])  محمد الحلبوسي (1/ 11/ 2020) رئيس مجلس النواب يلتقي الهيئة السياسية للتيار الصدري،
https://www.facebook.com/Mohammad.Alhalboosi/posts/3412616092191945